www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 28-8-2006 17:55

# تابلۆیەک لەڕەنگی پێش هەڵوەرینی گەڵایەک.. زنجیرە (9) ... ئارام قەرەداغی

Aram_qaradaghi@hotmail. com
www. kurdistannet. us/aram



لە پشت هەموو هەنگاوێكمانەوە تێك شكانێك هەیەو
لەپشت هەموو هیوایەكیشمانەوە
جوانترین گاڵتە جاڕی"
كی ئایاتی سەر باڵی پەپولەیەكی كوژراو دە خوێنێتەوە
ئێمە تەنها چێژ لە پرواندنی باڵەكانیان دەبینین

ئەو كوژرانە، ئەو مردنە پڕلە جوانی یەی ئەو پەپولانە پێمان دەڵێن.. ئێمە كاتێك هەنگاو دەنێین.. كاتێك دەمانەوی ڕێگەیەك ببڕین و بچین بۆلای هاوڕێیەكمان.. كاتێك هەنگاو دەنێین و دەمانەوی بچین بۆ ماڵێكی پڕ لەنور.. دەمانەوی بچین بۆ باخچەیەكی پڕ لەیەقین.. بۆ ناو چاخانەیەكی پڕ لەفەوزا.. بۆ سەر شەقامێكی پڕ لەهەناسە. ئەوەی ئێمە هەنگاوی بۆ دەنێین لەدوای هەموو هەنگاوێكمانەوە تێك شكانێك هەیە كە ئێمە تا ئەبەد ناتوانین ئیتر هەنگاو بنێینەوە، تێكشكانێك كە لە ڕۆیشتنمان دەخات، كە ئیدی دەبی تف بكەین لە هەنگاوەكانی خۆمان، ئەوان پێمان دەڵێن سەیری ئەو هیوا پڕ لەنەفرەتەی خۆتان بكەن.. ئەوانەی كە ئێوە خەونی پێوە دەبینن.. ئەوانەی كە ئێوە تەمەننای ئەوەدەكەن ئێوارەیەك بەسەر شۆستەكانا بڕۆین و پێڵاوێك ببینین لە پێڵاوی كەسێك بچێت كە تۆ ڕۆژێك لەڕۆژان هیوایەكی شاراوت هەبووە لەو دیوی ناخی خۆتا، سەیركە... ئەو هیوایانە چەند مایەی گاڵتە جاڕین و ئەوان پێمان دەڵێن ئەو هیوایانە مایەی شەرمەزارین بۆ ئێوە.. سەیركە گوڵم... ئێمە ئەم هەموو ئایەتە ناخوێنینەوە.. ئێمە چەند كەسێكی (سادی) ین... تەنها چێژ لەپرواندنی ئەو باڵانە دەبینین كەپڕن لەئایات بۆ ئێمەی گەمژە.. سەیركە..

لە بەهەشتدا بیر لەچركەیەك بەر لەخۆ كوشتن دەكەمەوە
چەند غەمباری دامان دەگری بۆ ئەو ساتانەی
كە نەمان دەزانی ڕوبكەینە كوی
گەردنی خۆمان دەدایە دەستی خۆڵ
قاچمان دەسپارد بەئاو
دڵمان ئەدا بەدودڵی

سەیركە من چەند غەمبارم لەبەهەشتا بۆ ساتەكانی بەر لە خۆكوشتنم، گەر ئەو ساتانە نەبوایە ئێمە مرۆڤێكی دی دەبوین.. ئەو ساتانەی كە ئێمەی كردە ئەم مرۆڤە شێتەی كە بەسەرجادەكانا دەڕۆین و لەكەس ناگەین و كەسیش لە ئێمە ناگا.. ئەو ساتانەی شوێنێكمان شك نەدەبرد ڕوی تێبكەین، ئای كە ئێمە كەسێكی بێلانە بوین، كەسێكمان شك نەدەبرد ڕوی تێبكەین، سەیركە.. چەند تەنهاین ئەوساتانە، سەیركە كەخۆمان كاسبوین لەبۆنی تەنهایی خۆمان، خۆمان هەستمان بەو هەموو چۆلچەوانیەی ناخمان دەكرد.. ئەوساتانەی ژیانی خۆمان دەگێڕایەوە بۆ دەستی قەدەر.. گەردنمان دەدا بەمەرگ.. بەو خۆڵەی لێوەی دروست بوین دەمانویست ئاشنایەتی لەگەڵ ئەوخۆڵەدا دروست بكەینەوە، ئای.. كەبی هاودەمێك بوین ئەوساتانەی قاچەكانمان بە ئاڕاستەی شەپۆلی دەریا دەڕۆیشتن، قاچەكانمان هی خۆمان نەبون،

ئەو ساتانەی نەمان دەزانی قاچمان دەچێتە کوێوە، ئەوساتانەی دڵمان پڕ پڕبوو لەدودڵی.. دودڵبوین لەهەمووشتی.. دودڵبوین لەڕۆژی لەدایك بونمان.. دودڵبوین لەوەی کەئاخۆ ئێمە کەی بگەڕێینەوە بۆ مەرگ.. دودڵبوین لەخۆکوشتن، ئاخ من لەتاو ئەو ڕۆژانە وەختە ئازارێك بگرم، لەناو بەهەشتا جارێکی تر خۆم بکوژم، سەیرکە... سەیری ئەو ڕۆژانەی بەر لە خۆکوشتن بکە.

چاومان دەبەخشیە تاریکی
ئەوساتانەی
دەڕۆیشتین و دەوەستاین
چەند نزیك بوین لەشێتی...

بیر لەو ساتانەی بەر لە خۆکوشتن دەکەمەوە، ئەوساتانەی گەر هەزار جاری دی زیندو ببمەوە هەر لەوساتانەدا پەنا دەبەمە بەر خۆ کوشتن.. خۆکوشتنێك کەپڕ پڕە لەتەنهایی.. ئەوساتانە چەند ساتێکی پڕلەغوربەت بوو.. ئەو غوربەتەی بەس بەتەنها خۆت هەستی پێدەکەیت و کەس ئاگای لێت نی یە.. ئەو غوربەتەی تۆ لە غروبی ئەودا ئەمری و ئەویش هیواکانی لەشروقی ئێوارەدا ئەدرەوشێتەوە.. ئەوێك کەهیواکانی لەدورگەیەکی تردا شاردۆتەوە، سەیرکە.. ئەوساتانە ئێمە چۆن چاومان دەبەخشی یە تاریکی بۆ ئەوەی هیچ نەبینین، گەر لەوە زیاترمان بەدی بکردایە ئەوکات ڕەنگە لە شێتیا نەمان توانیایە خۆمان بکوژین، ئەم هەموو بێنرخیەی خۆمان تەنها بەوە چارەسەر دەکری چاوەکانمان نوقم کەین لەتاریکیدا، ئەوساتانەی دەڕۆیشتین و خۆمان نەمان دەزانی بۆچی دەڕۆین.. بۆ کوی دەڕۆین.. بۆلای کی دەڕۆین، ئەوساتانەی کەدەوەستاین هەرخۆشمان نەماندەزانی بۆچی دەوەستین، سەیری ئەوساتانەکە ئێمە چەند لەشێتێك دەچین کە ڕێگەی دنیای لێ تێك چووە.. شێتێك کەنازانی کەسی هەیە یان.. نا.. کەس خۆشی دەوی یان.. نا... شوێنێك هەیە بۆ ئەو یان.. نا.. سەیرکە... ئێمە چەند لەشێتیەوە نزیکین.. سەیرکە...

بیر لەچرکەیەك بەر لەخۆکوشتن دەکەمەوە
کە چۆن ئێوارەیەکمان شك نەدەبرد
هەناسەیەکی تیا شیتەڵبکەین
شەوێکمان دەست نەدەکەوت
خەونێکی تیاببینین...

سەیری ئەو حەسرەتانەبکە کە لەوچرکانەی پێش خۆکوشتنی ناو خەیاڵەکانمان لەناو ڕوحماندا جمەیاندەهات، ئەو هەموو حەسرەتەی کە شەپۆلین دەهات.. سەیرکە.. ئەوچرکانە ئێمە ئێوارەیەکمان شك نەدەبرد بیر لەوەبکەینەوەگەر دوو هەناسە تێکەڵببێت چ ژیانێکی هەتا هەتایی دروست دەکات.. گەر دوو هەناسە تێکەڵ ببێت چ خۆشەویستی یەکی حەتمی دروست دەکات.. خۆشەویستی یەك لەناو مردنا ئەت ژێنی بیر لەو چرکانە دەکەمەوە کە تەنها ئێوارەیەك نەبوو ئێمە پڕ بەسینەی خۆمان هەناسە هەڵمژین، ئێوارەیەك لەعومری ئێمەدا وجودی نەبوو کە ئێمە بەبیرکردنەوەی ئەو ئێوارەیە بەختەوەرببین، بیر لەچرکانە دەکەینەوە کە شەوێکمان شك نەدەبرد خەونێکی تیا ببینین بە ئازیزەکانمانەوە.. ئەو ئازیزانەی ئەوان قەت نایانەوی خەون بەئێمەوە ببینن.. ئەو ئازیزانەی گەر بەهەڵە شەوێك خەونێك بەئێمەوە ببینن ئەوان بەشەرمەزاری یەوە بۆمان دەگێڕنەوە، سەیرکە.. ئەو

چرکانە چەند پڕ لەنەهامەتی بوون.. چەند بێ ئێوارەبون.. چەند تەنها بون لەخەون، سەیرکە... ئێمە چەند پێویستمان بەوەهەبوو لێرە بڕۆین گەر بەخۆکوشتنیش بووە، سەیرکە...